# شیکردنەوەی باری دەروونیی ئاخێوەر لە زمانەوانیی دەروونیدا

**د. ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین**
مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی،
کۆلێژی پەروەردە_ مەخمور، زانکۆی سەلاحەددین
Amir.muhammadamin@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی باری دەروونیی ئاخێوەر لە زمانەوانیی دەروونیدا)یە، توێژینەوەکە لە ڕوانگەی زمانەوانیی دەروونی کارەکەی ئەنجامداوە. ڕێبازی توێژینەوەکە، پەیڕەوکردنی ڕێبازی وەسفی شیکارییە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەربڕینە زمانییەکان. سنووری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە و گرنگیەکەشی لەوەدایە، کە باری دەروونی ئاخێوەری زمانی کوردی لە کاتی دەربڕینە زمانییەکاندا شیدەکاتەوە، کە لە چ دۆخێکی دەروونیدایە، چونکە دەربڕینە زمانییەکان کاتێ لە دەمی ئاخێوەر دەردەچن، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەك فۆڕمی زمانی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەم فۆڕمە زمانییانە لە هەمان کاتدا بارگاوین بە باری دەروونی ئاخێوەرەوە.

لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە دەربڕینە زمانییەکان دەبنە هۆی ئەوەی، کە باری دەروونیی ئاخێوەر بزانرێت، کە لە چ دۆخێکی دەروونیدایە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە سەرەڕای هەبوونی پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەیەك بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم سەرەتا باسی هەندێ لایەنی ئاکار و سەرهەڵدانی زمانەوانیی دەروونی دەکات، کە بابەتەکانی زمانەوانیی دەروونی، سەرهەڵدانی زمانەوانیی دەروونی، پێناسەی زمانەوانیی دەروونی، گەشەسەندنی زمانەوانیی دەروونی، زمانەوانیی دەروونیی گەشەیی، زمانەوانیی دەروونیی ئەزموونی، ئاکارە گرنگەکانی زمانەوانیی دەروونی، دیاردەی دەروونی، واتای دەروونی لەخۆدەگرێت.

لە بەشی دووەمدا باس لە شیکردنەوەی باری دەروونیی ئاخێوەر لە کاتی دەربڕینە زمانییەکاندا دەکات، کە بابەتەکانی پرۆسەی کارکردنی زمان، توانست و چالاکی لای چۆمسکی، ڕۆڵی زمانەوانیی دەروونی لە کۆمەڵی زمانیدا، ڕۆڵی زمانەوانیی دەروونی لە لای تاکەکەسدا، دەربڕینە زمانییەکان، باری دەروونیی ئاخێوەر لەخۆدەگرێت.

**وشە سەرەکییەکان**: زمانەوانیی دەروونی، ئاخێوەر، شیکردنەوە، دەربڕینە زمانییەکان، دەروون.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی باری دەروونیی ئاخێوەر لە زمانەوانیی دەروونیدا)یە، توێژینەوەکە لە ڕوانگەی زمانەوانیی دەروونییەوە، کارەکەی لە سەر دەربڕینە زمانییەکانەوە ئەنجامداوە. ڕێبازی توێژینەوەکە، پەیڕەوکردنی ڕێبازی وەسفی شیکارییە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی باری دەروونیی ئاخێوەر. سنووری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە و گرنگییەکەشی لەوەدایە، کە باری دەروونیی ئاخێوەری زمانی کوردی لە کاتی دەربڕینە زمانییەکاندا شیدەکاتەوە، کە لە چ دۆخێکی دەروونیدایە، چونکە دەربڕینە زمانییەکان کاتێ لە دەمی ئاخێوەر دەردەچن، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەك فۆڕمی زمانی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەم فۆڕمە زمانییانە

لە هەمان کاتدا بارگاوین بە هەست و سۆزی دەروونی ئاخێوەرەوە. بەم پێیەی واتای وشەکان لە ناو ڕستەدا بریتییە لە واتای سەرەکی ڕستەکە و باری دەروونیش لەخۆدەگرێت.

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا زانین و دیاریکردنی باری دەروونیی ئاخێوەری کوردە لە کاتی دەربڕینە زمانییەکاندا لە چ بار و دۆخێکی دەروونیدایە، بۆ ئەم مەبەستە ویستوویەتی لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە، وەڵامی پرسیارەکانی دەستکەوێت:

_ ئایا دەربڕینە زمانییەکان دەبنە هۆی دەرخستنی باری دەروونیی ئاخێوەر؟

_ ئایا دەربڕینە زمانییەکان پەیوەندییان بە باری دەروونیی ئاخێوەرەوە هەیە؟

_ ئایا ئاخێوەر لە کاتی دەربڕینە زمانییەکاندا لە چ بارێکی دەروونیدایە؟

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە سەرەڕای هەبوونی پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەیەك بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم سەرەتا باسی هەندێ لایەنی ئاکار و سەرهەڵدانی زمانەوانیی دەروونی دەکات، کە بابەتەکانی زمانەوانیی دەروونی، سەرهەڵدانی زمانەوانیی دەروونی، پێناسەی زمانەوانیی دەروونی، گەشەسەندنی زمانەوانیی دەروونی، زمانەوانیی دەروونیی گەشەیی، زمانەوانیی دەروونیی ئەزموونی، ئاکارە گرنگەکانی زمانەوانیی دەروونی، دیاردەی دەروونی، واتای دەروونی لەخۆدەگرێت.

لە بەشی دووەمدا باس لە شیکردنەوەی باری دەروونیی ئاخێوەر لە کاتی دەربڕینە زمانییەکاندا دەکات، کە بابەتەکانی پرۆسەی کارکردنی زمان، توانست و چالاکی لای چۆمسکی، ڕۆڵی زمانەوانیی دەروونی لە کۆمەڵی زمانیدا، ڕۆڵی زمانەوانیی دەروونی لە لای تاکەکەسدا، دەربڕینە زمانییەکان، باری دەروونیی ئاخێوەر لەخۆدەگرێت.

## بەشی یەکەم:

## هەندێ لایەنی ئاکار و سەرهەڵدانی زمانەوانیی دەروونی:

### ١_ زمانەوانیی دەروونی[١] Psycholinguistics:

### ١_١_ سەرهەڵدانی زمانەوانیی دەروونی:

مێژووی سەرهەڵدانی زمانەوانیی دەروونی، وەنەبێت پێشتر زانایان و زمانەوانان باسی دەستپێك و سەرهەڵدانی زمانەوانیی دەروونییان نەکردبێت. لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا تۆماس هۆپس ١٥٧٧_ ١٦٧٩ باسی ئەوە دەکات، کە لە دەروونی مرۆڤدا بوونی ڕێچکەی ئارەزوومەندی خۆڕسکی هەیە و کار لە ڕەفتار و ئاخاوتنیان دەکات، کە هەندێکیان بۆ شەڕخوازی و هەندێکی تریان بۆ ئاشتەوایی پاڵدەنێت، پاشان لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا فەیلەسوفی ئەڵمانی دیتریش تیدمان بە هۆی ئامێرێکی تۆمارکردنەوە، چۆنیەتی گەشەکردنی دەروونی و زمانی منداڵەکەی خۆی تۆمارکرد، بۆ ئەوەی تێبینی زمانەکەی بکات.[٢] واتە؛ باری دەروونیی مرۆڤ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دەربڕینە زمانییەکانەوە هەیە، بەم شێوەیە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم زانستە بە مێژووی مرۆڤەوە بەستراوەتە و وردە وردە لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، ئەویش گەشەی کردووە.

هەربۆیە ئەوەی سەرنجدەدرێت، (زمانەوانیی دەروونی بە شێوەیەکی فراوان لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە گۆڕەپانی زمانەوانیدا، وەکو زانستێکی سەربەخۆ بەدیارکەوت، کاتێك زمانەوانی ئەمریکی چۆمسکی تیۆر و بیر و ڕاکانی خۆی سەبارەت بە سروشت و ئەرکی زمان و پرۆگرامی توێژینەوە و شیکردنەوە و شێوازی فێربوونی زمان پێشنیازکرد و ڕەخنەی توندی لە قوتابخانەی بونیادگەری و ڕەفتاری گرت، کە زمانیان، وەکو پێکهاتە و ڕەفتار سەیردەکرد و بایەخیان بە ناوەڕۆك و واتای زمان نەدەدا) (العصيلي،٢٠٠٦،

٢٩_٣٠). چونکە قوتابخانەی بونیادگەری بایەخی بە ڕۆنانی زمان دەدا، لەم ڕووەوە (زمانەوانیی دەروونی بیری سۆسێری بەخۆیەوە خەریك نەکردبوو، شوێنیشی لە بنەما زمانیەکانیدا نەبوو، لەبەر ئەوە سۆسێر لە لێکۆڵینەوەی گوتن Parole ئەم بابەتەی نەخستۆتەڕوو، ئەم دۆخەش لە سەرجەم ئاڕاستەکانی بونیادگەریدا بە شێوەیەکی گشتی هەیە، بەم جۆرە بونیادگەرەکان گرنگییان بەستراکچەری زمانی دەدا، کە دابڕاوە لە ئاخێوەر، یان هۆکارەکانی دەرەکی لە گرنگترینیان دەوروبەری نازمانییە و لە لای بونیادگەرەکان تێڕوانین لە ئاخێوەر دەچێتە بواری دەروونناسییەوە) (بشر،٢٠٠٥، ١٩٢-١٩٣). لەم ڕوانگەیەوە دەربڕینە زمانییەکان یەکێکە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ و بۆتە جێگەی بایەخی لیکۆڵینەوەکانی زمانی و دەروونی، بەم پێیە لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بەردەوام لە گەشەسەندندا بوو، زیاتر دەبووە جێگەی سەرنج و تێڕامانی زانایان.

هەربۆیە (دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان و دەروونییەکان پێشکەوتنی گەورەیان بە خۆیەوە بینی، ئەمەش وای کرد، کە بەهۆی بەرکەوتنی بوارەکانی دەروونناسی و زمانەوانیدا، لقێکی سەربەخۆ لە نێوانیاندا بە ناوی زمانەوانیی دەروونی سەرهەڵبدات) (حجازي،١٩٧٣، ٥٠). واتە؛ زمانەوانیی دەروونی، وەکو زانستێکی سەربەخۆ و لە ئەنجامی پێویستیی ئانیدا سەری هەڵدا، بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر بچێتە بنج و بنەوانی بابەتە زمانییە دەروونییەکان. لەم ڕووەوە ((زمانەوانیی دەروونی نموونەیەکی زیندووی ئاوێتەبوونی دەروونناسی زانینی و زمانە و بە لقێکی زمانەوانیی پراکتیکی دادەنرێت، کە تیایدا زانایان جەخت لەسەر پەیوەندیی نێوان پەیامە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان ئاخێوەرەکان و مەبەست و باری دەروونیان دەکات)) (دزەیی، ٢٠١٤، ١٦). بەم شێوەیە زمانەوانیی دەروونی دەبێتە لقێکی زمانەوانیی پراکتیکی، سەرنج لە پەیامەکانی نێوان ئاخێوەر و گوێگر دەدات لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخی

دەروونییان لە کاتی ئاخاوتن و گۆڕینەوەی بیروڕاکانیان، کە ئەمەش لەوکاتەدا دەبێتە هۆی دەرخستنی نیاز و مەبەست و دۆخی دەروونییان.

**١_٢_ پێناسەی زمانەوانیی دەروونی:**

زمان و دەروون دوو چەمکی بەیەکەوە گرێدراون و خۆیان بەیەکەوە لە تاکەکەس دەبیننەوە و ئەرکی بەدواداچوونی ئەم چەمکانەش لە ئەستۆی زمانەوانیی دەروونیدایە، هەربۆیە ئەم زانستەش بۆ ناسینی، خۆی لە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر دەبینێتەوە و لێرەدا ژمارەیەك پێناسە دەخەینەڕوو.

_ (زمانەوانیی دەروونی لێکۆڵینەوە لە بەدوای یەکداهاتنی پەیوەندیی گوتن و دواکەوتەی شێوەی گوتن دەکات و دەتوانرێت بژمێردرێت بە لقێك لە لقەکانی زمانەوانیی کارەکی) (بشر،٢٠٠٥، ١٩٤).

_ زمانەوانیی دەروونی (لێکۆڵینەوە لەو پرۆسە دەروونییانە دەکات، کە لە بەکارهێنانی زماندا بەشداربووە) (Geoffrey, 2003, 214).

_ (زمانەوانیی دەروونی هەر لێکۆڵینەوەیەکی زمانییە لە سەر بنچینەی دەروونناسیدا) (Matthews, 2011, 327).

_ زمانەوانی دەروونی ((لێکۆڵینەوە لە وەرگرتن و بەکارهێنان و تێگەیشتنی زمان دەکات)) (دزەیی،٢٠١٤، ١٥).

_ (زمانەوانیی دەروونی، بریتییە لە توێژینەوەکردن لەسەر ئەو کەرەسە زمانییانەی پەیوەستن بە دەروونی مرۆڤ بۆ بژارکردن و پەرەپێدانیان لە پێناوی وەبەرهێنانی زمانێکی پەسەندی کاریگەر لەسەر دەروون) (ڕەسول، ٢٠١٥، ٨٢).

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین، بەم شێوەیەش پێناسەی زمانەوانیی دەروونی بکەین.

_ زمانەوانیی دەروونی لێکۆڵینەوە لە کەرەستە گوتراو و نووسراوەکان دەکات، کە هەڵێنجراوی دەروونی تاکەکەسە و بەم ڕێگەیەش دۆخی دەروونیی پیشاندەدرێت.

بەم پێیە ڕوانینی زمانی مرۆڤ بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی دەروونناسی هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت و دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی، تاکو مەبەست و لایەنە شاراوەکانی زمان بخرێتەڕوو. لەم ڕووەوە جیفری باس لە کاتی بەکارهێنانی زمان دەکات، کە پێیوایە ئەم پرۆسە دەروونییانە، کە لە کاتی ئاخاوتندا بەرجەستە دەبن، دەبێت چی بێت؟ چونکە ڕۆڵێکی پڕ بایەخ لە پرۆسەی ئاخاوتندا دەبینن، هەربۆیە هەر تاکێك لە کاتی ئاخاوتندا بە پرۆسەیەکی دەروونی تایبەتدا تێدەپەڕێت، کە ئەو پرۆسە دەروونییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بارێکی جیاوازی هەیە. بەم جۆرە زمانەوانیی دەروونی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو یەکە زمانییانە دەکات، کە پەیوەندییان بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە و هەڵبژاردنی ئەو وشە و دەستەواژانەی، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر دەروونی تاك لە پێناو بەدەستهێنانی زمانێکی پوخت و کاریگەر، ئەویش لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانی ئاخێوەرە بۆ گوێگر.

**١_٣_ گەشەسەندنی زمانەوانیی دەروونی:**

دیارە، کە زمانەوانیی دەروونی لە ئاکامی پێشکەوتنەکانی بوارەکانی زمانی و کۆمەڵایەتیدا، وەکو لقێکی سەربەخۆ لە زمانەوانی کارەکیدا سەری هەڵدا و دواتریش هەر لەم قۆناغەیەوە نەوەستا، بەڵکو قۆناغی تری گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی. ئەویش ئەوەبوو، کە (زمانەوانیی دەروونی لە ساڵی ١٩٦٠ز گەشەی فرەوانی بە خۆیەوە بینی و دوو لقی سەرەکی لەم زانستەدا بە ناوی زمانەوانیی دەروونیی گەشەیی و زمانەوانیی دەروونیی ئەزموونی دروستبوون) (Matthews, 2011, 327). ئەم دوو لقەی زمانەوانیی دەروونی،

واتە؛ زمانەوانیی دەروونیی گەشەیی و زمانەوانیی دەروونیی ئەزموونی هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە ڕوانگەی پسپۆڕییەکەی خۆیەوە دەڕوانێتە کارەکەی.

### ١_٣_١_ زمانەوانیی دەروونیی گەشەیی

**Psycholinguistics Developmental:**

زمانەوانیی دەروونیی گەشەیی بایەخ بە لایەنی فێربوون و گەشەسەندنی زمان دەدات، کە منداڵ هەنگاو بە هەنگاو ڕۆژ بە ڕۆژ پێیدا تێدەپەڕێت. کەواتە؛ (زمانەوانیی دەروونیی گەشەیی لقێکە لە زمانەوانیی دەروونی توێژینەوە لە گەشەی توانای زمانی دەکات ، لە لای منداڵ مانگ دوای مانگ و ساڵ دوای ساڵ) (الخطیب،٢٠٠٦، ٤٧). بەم جۆرە زمانەوانیی دەروونیی گەشەیی سەرەڕای ئەوەی لقێکە لە زمانەوانیی دەروونی، کار لەسەر بەدەستخستنی زانیاری دەکات، لەسەر چۆنیەتی گەشەکردنی زمان لە لای منداڵ، واتە؛ منداڵ چۆن لە قۆناغەکانی سەرەتایی ژیانیدا زمان وەردەگرێت. یاخود، بەو (لێکۆڵینەوە تاقیکارییەی قۆناغەکانی گەشەسەندنی زمان لە منداڵاندا، دەگوترێت زمانەوانیی دەروونیی گەشەیی) (Matthews, 2011, 327). واتە؛ منداڵ لەم ڕۆژەی لە دایك دەبێت، قۆناغەکانی فێربوونی زمانی دەستپێدەکات، ئینجا ئەرك و لێکۆڵینەوە لە قۆناغی گەشەکردن و فێربوونی زمان لە لای منداڵ بە زمانەوانیی دەروونیی گەشەیی دەسپێردرێت.

### ١_٣_٢_ زمانەوانیی دەروونیی ئەزموونی

**Psycholinguistics Experimental:**

زمانەوانیی دەروونیی ئەزموونی، یان تاقیکاری لقێکە لە زمانەوانیی دەروونی بە شێوەیەکی تاقیکاری، کار لەسەر لایەنی زمانی – دەروونی دەکات. هەربۆیە (زمانەوانیی دەروونیی تاقیکاری لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی زمانەوانیی

دەروونی بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی زانستی دەکات) (الخطیب، ٢٠٠٦، ٥٠). بەم پێیە زمانەوانیی دەروونیی ئەزموونی لێکۆڵینەوە لە سەرجەم لایەنەکانی زمانەوانیی دەروونی دەکات، بەڵام بە شێوەی مەیدانی و تاقیکاری، تاکو بە شێوەیەکی زانستی و کەتواری بگاتە ئەو ئامانجانەی، کە مەبەستییەتی، یاخود ئەو لایەنە شاراوانەی، کە هێشتا پەی پێ نەبراوە. کەواتە؛ (ئەو لێکۆڵینەوەیەی، کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە میکانیزمییە دەروونییەکانەوە بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە ئاخاوتن، پێیدەگوترێت زمانەوانیی دەروونیی ئەزموونی) (Matthews, 2011, 327). بەم شێوەیە بەرهەمهێنانی کردەی گوتن لە لای ئاخێوەرەوە لە لایەك و درکپێکردن و توانای تێگەیشتن لە لای گوێگرەوە لە لایەکی ترەوە، لە ڕێگەی ئەزموونی و مەیدانییەوە بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی دەروونییەوە ئەرك و کاری زمانەوانیی دەروونیی ئەزموونییە.

**١_٤_ ئاکارە گرنگەکانی زمانەوانیی دەروونی:**

ئاکارە گرنگەکانی زمانەوانیی دەروونی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە (ئاخێوەران لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانەوە کاریگەریی خۆیان لەسەر کەسانی تر دەنوێنن و مەبەستەکانیان بە شێوازی ڕستەی هەواڵی، پرسیاری، داخوازی...هتد دەردەبڕن) (یوسف،١٩٩٠، ٩٥). بەم شێوەیە ئاخێوەر لە کاتی ئاخاوتندا قسەکانی یەك جۆر شێوازی ڕستەیی لەخۆ ناگرێت، بەڵکو دەربڕینە زمانییەکانی شێوازی ڕستەیی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت.

بەم جۆرە شیکردنەوەی باری دەروونیی ئاخێوەر لە زمانەوانیی دەروونیدا گرنگییەکی زۆری هەیە، لەم ڕوانگەیەوە (قوتابخانەکانی شیکردنەوەی دەروونی لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی تاك دەکات، کە لەسەر پرۆسەی جەستەیی و دەروونییەکان بنیادنراوە) (دزەیی،٢٠٢١، ٦٠). کە مێشکی مرۆڤیش دەبێتە بەشێکی سەرەکی ئەم پرۆسە جەستەیی و دەروونییەوە، هەربۆیە (زمانەوانیی

دەروونی گرنگی بە پەیوەندیی نێوان زمان و مێشك دەدات) ,Geoffrey). (214 ,2003 کەواتە؛ زمانەوانیی دەروونی گرنگی دەدات بەو زنجیرە گوتنەی، کە لە مێشکی ئاخێوەرەوە لە کاتی ئاخاوتندا بەدوای یەکتردا دێن و ڕیزدەبن، کە چۆن ئەو زنجیرە گوتنانە پەیوەندیی لەگەڵ یەکتردا دروستدەکەن، دواتر سەرنج لە دواکەوتەکانی شێوە و پێکهاتنی گوتنەکان دەدات، کە پێکهاتەی ئەم گوتنانە چ جۆرێکن لە ئاخاوتن، چونکە ئەم جۆرە گوتنانە جۆرێکن لە بەکارهێنانی زمان، بە باری دەروونیی ئاخێوەرەوە بەستراوەتەوە. بەم شێوەیە هەر لەبەر ئەوە (ئەرکی زمانەوانیی دەروونی گرنگیدانە بەو پەیوەندییانەی کە نێوان دەربڕینە زمانییەکان و بەستنەوەی تاکەکانە بەیەکترییەوە، ئەوەی کە دەینێرێت، یان گوێی لێ دەبێت) (بشر،٢٠٠٥، ١٩٣-١٩٤). لێرەدا زمانەوانیی دەروونی بایەخ بە ئاخێوەر و گوێگر دەدات، لە ڕێگەی ئەو پەیامەی، کە لە نێوانیان دروستدەبێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی لە کاتی پەیام گۆڕینەوەدا و ((پێکۆڵی دکەت کو بزانیت چەوا پەیوەندی د ناڤبەرا ئاخفتنکەری و گوهداریدا هەروەسا د ناڤبەرا خوینەرو نڤیسەریدا دروستدبیت)) (عەلی و عەبدوڵلا،٢٠١١، ٩٩). واتە؛ لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا ئەو پەیوەندییە چییە؟ کە دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی لە نێوان ئاخێوەر و گوێگر، یان خوێنەر و نووسەر دروستببیتن. هەڵبەتە ئەو پەیوەندییە بە هۆی ئەو دەربڕینە زمانییانەوەیە، کە هەڵگری واتان و بارگاوین بە هەست و سۆز و دیاردە دەروونییەکانەوە.

### ١_٥_ دیاردەی دەروونی:

زمانەوانیی دەروونی دەربڕینە زمانییەکان، وەکو دیاردەیەکی دەروونی سەیردەکات، هەربۆیە (بابەتی زمان دیاردەیەکە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ باری دەروونیی مرۆڤ بەیەکەوە بەستراوەتەوە) (کعواش، ٢٠٢١، ٤٥٢). واتە؛

ئاخێوەر لە کاتی ئاخاوتندا دەربڕینە زمانییەکانی، وەکو دیاردەیەك بە باری دەروونی خۆیەوە گرێدەداتن، ئینجا ئەم دۆخە دەروونییە لە ئاخێوەرێکەوە بۆ ئاخێوەرێکی تر جیاوازی هەیە. بەم جۆرە (جیاوازی لە دەربڕینە زمانییەکان لەوەوە پەیدادەبێت، کە هەر یەکە لە ئاخێوەران بە جۆرێك بیردەکاتەوە لە ڕاستی ئەو کەلوپەل و بابەتانەی دەیانبینێت) (هەمان سەرچاوە، **٤٥٣**). بۆ نموونە:

_ هاوڕێی یەکەمی دکتۆر کەیوان دەڵێت: (دکتۆر کەیوان کتێبی زانستی و ئەکادیمی دەخوێنێتەوە).

_ هاوڕێی دووەمی دکتۆر کەیوان دەڵێت: (دکتۆر کەیوان کتێبۆکان دەخوێنێتەوە).

بەم شێوەیە لە دەربڕینە زمانییەکانی هاوڕێی یەکەمی دکتۆر کەیوان دەردەکەوێت، کە ئەم ئاخێوەرە کەسێکە باری دەروونی بەرانبەر دکتۆر کەیوان بێ ڕق و کینە و پلارە. واتە؛ لە بارێکی دەروونی ئاساییدایە و پێگەکەی دکتۆر کەیوانی، وەکو خۆی دیاریکردووە، ئەویش بە بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (کتێبی زانستی و ئەکادیمی)، کە لە ئاستی ئەودایە، بەڵام لە دەربڕینە زمانییەکانی هاوڕێی دووەمی دکتۆر کەیوان بە تایبەتی بە بەکارهێنانی وشەی (کتێبۆکان) دەردەکەوێت، کە ئەم ئاخێوەرە باری دەڕوونی بەرانبەر دکتۆر کەیوان بە ڕق و کینە و پلارە. واتە؛ پێگە و پایەی دکتۆر کەیوانی کەم کردۆتەوە. لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە تێڕوانینی ئاخێوەران بۆ تاکە شتێك جیاوازە، ئەویش لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانەوە باری دەروونی ئاخێوەران، جیاوازییەکانیان دەردەخەن.

**١_٦_ واتای دەروونی:**

هەر دەربڕینێکی زمانی، کە لە لایەن ئاخێوەرانەوە دەردەبڕدرێت،

هەڵگری واتایەکە، ئەم واتایەش ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە بارێکی دەروونییەوە. هەربۆیە ((واتای دەروونی جێگای بایەخی زمانەوانی دەروونییە)) ( دزەیی،٢٠١٤، ٣٨). بەم پێیە واتا و دەروون دوو چەمکی بەیەکەوە گرێدراوی زمانەوانیی دەروونین و لەگەڵ دەربڕینە زمانییەکاندا لە کاتی ئاخاوتندا لە دەمی ئاخێوەر دەردەچن. بەم شێوەیە (چەمکی واتا زۆر فراوان و گەلێ لایەن دەگرێتەوە، لێرەدا زیاتر تیشك دەخرێتە سەر ئەو لایەنەی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕۆنانی زمانەوە هەیە، مرۆڤ زمان بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی ئەوەی، کە لە دەروونیدا هەیە، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات دەربڕینە زمانییەکانی بگەیەنێت بە کەسانی تر) (علی، ١٩٩٨، ٢٦). بەم جۆرە هەر دەربڕینێکی زمانی هەڵگری واتایەکی دەروونییە، کە تایبەتە بە ئاخێوەرەوە. کەواتە؛ ئاخێوەر لە کاتی ئاخاوتندا بارە دەروونییەکەی تێکەڵ بە دەربڕینە زمانییەکان دەکات، هەربۆیە ((واتای دەروونی ئەو واتایە دەگرێتەوە کە خودی قسەکەر پێیداوە، واتە واتایەکی دەروونی خودییە و پەیوەستە بە ئاخێوەر)) (دزەیی،٢٠١٤، ٣٨). بۆ نموونە:

_ نازانم، بچم، یان نەچم بۆ گەشتەکە. (ڕاڕایی)

ئەم ڕستە، ڕستەیەکی لێکدراوە و واتایەکی لەخۆگرتووە و ئاخێوەر هەواڵێك ڕادەگەیەنێت، باس لە چوون و نەچوونی خۆی دەکات بۆ گەشت، بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنێکی دەروونیشی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە ئاخێوەر لە بارێکی دەروونی ڕاڕاییدایە، بە هۆی بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکانی (نازانم، بچم، نەچم).

## بەشی دووەم:

## شیکردنەوەی باری دەروونیی ئاخێوەر لە کاتی دەربڕینە زمانییەکاندا:

### ٢_ پرۆسەی کارکردنی زمان:

هەر بۆ ئەم مەبەستە زمانەوانیی دەروونی زۆر بابەت وەردەگرێت، کە پەیوەندی بە زمان و بیری مرۆڤەوە هەیە، واتە؛ مرۆڤ ئەو بیرەی، کە لە مێشکیدایە چۆن دەیگۆڕێت بۆ گوتن و لە ڕێگەی پەیامەوە دەینێرێت بۆ گوێگر و گوێگریش چۆن ئەو پەیامە وەردەگرێت. هەر لەبەر ئەوە (زمانەوانیی دەروونی باس لە بابەتەکانی درکپێکردنی گوتن Speech perception و ڕۆڵی یادگە Memory و چەمکەکان Concepts و کردەوەکانی تر دەکات، کە پەیوەندییان بە بەکارهێنانی زمانەوە هەیە) (الخطیب، ٢٠٠٦، ٦٦). بەم شێوەیە ئەو بابەتانە لە ئاڵوگۆڕی بیرەکاندا گرنگیی خۆیان هەیە. لەم بوارەوە (بەتایبەتی درکپێکردن و توانای تێگەیشتن بە سوود وەرگرتن لە لایەن زمانەوانیی دەروونییەوە پاڵپشتی دەکرێت، ئەویش بە هاوبەشی و خاوەندارێتی تیۆری توانستی Competence theory چۆمسکیەوە) (Smith,1999, 105).

بەم جۆرە مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا چەند ئەرکێکی دەکەوێتە سەر لەوانە، درکپێکردنی ئەو پەیامەی، کە ئاڕاستەی کراوە و تا چەند توانای تێگەیشتنی هەیە لەو پەیامە و دواتر شیکردنەوەی چەمکەکان و ناردنی بۆ یادگە و لەوێدا هەڵیدەگرێت و لە کاتی پێویستیدا کۆپییەکی لێ وەردەگرێتەوە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی زماندا بەکاردەهێنێتەوە، ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر توانست Competence، کە هەموو ئەرکەکانی ڕێزمانی و فەرهەنگی و واتایی لەخۆدەگرێت، ئەمەش وا دەکات، پەیوەندی دروستببێت و ئەم پەیوەندییەش بریتییە لەو پەیامەی نێوان ئاخێوەر و گوێگر و ئەم پەیامەش خۆی لە خۆیدا شێوازێکە لە زمانی تاك، هەربۆیە زمانەوانیی دەروونی، زمان و تاك بە هەند

وەردەگرێت. بەم پێیەی (بەکارهێنانی زمان، یان درکاندنی گوتن جەخت لەسەر بەرهەمهێنانی گوتن دەکاتەوە، کە بە کردە دەروونییەکان لە پێش گوتن دەستپێدەکات و بەرهەمهێنانی خودی گوتن بە شێوەی فسیۆلۆجی، پاشان تێپەڕینی بە ناوەندی فیزیکی، هەتا دەگاتە گوێی گوێگر) (العصيلي، ٢٠٠٦، ٣٥). واتە؛ کردە دەروونییەکان ڕۆڵی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی گوتندا دەبینن.

## ٢_١_ توانست و چالاکی لای چۆمسکی:

چۆمسکی لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا دوو چەمکی تری لە بەرانبەر زمان و گوتنی سۆسێردا بەکارهێنا، ئەوانیش توانست و چالاکی بوون. بەم پێیە (توانست Competence بە شێوەیەکی سەرەتایانە لەگەڵ توانستی ڕێزمانی Grammatical competence دیاریکراوە و چەمکەکەی، وەکو بنچینەیەك، یان بنەمایەکی سروشتی، کە لە پێکهاتەی هەموو زمانێکی سروشتی سەرچاوە دەگرێت) (Meyerhoff, 2011,307). لەم ڕوانگەوە توانست بەشێوەیەك لە شێوەکان بریتییە لە توانستی ڕێزمانی، چونکە ڕێزمان سەرچاوەی دەستووری زمانە و لە ڕێگەی ئەم دەستوورە زمانییە ڕۆنانی ڕاست و دروست بەرهەمدەهێنرێت، ئینجا ئەم توانستە دەبێتە بناغەیەکی گرنگ بۆ بەرهەمهێنانی چالاکی، کە خۆی لە گوتن دەبینێتەوە. کەواتە؛ (چالاکی Performance زاراوەیەکە لە تیۆری زمانەوانیدا، بەتایبەتی لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا Generative Grammar بەکاردێت و ئاماژە بۆ زمانی بینراو دەکات، وەکو زنجیرەیەك ڕیزکراوی تایبەتی گوتن، کە لە لایەن قسەکەرە ناوچەیی و نیشتمانییەکانەوە بەرهەمدەهێنرێت) (Crystal, 2008, 357). بەم شێوەیە لە تیۆری بەرهەمهێناندا چالاکی، کە بەرانبەر گوتن Parole سۆسێر دەوەستێت، بریتییە لەو گوتنە یەك بەدواییەکانەی، کە تاك لە کاتی ئاخاوتندا دەردەبڕێت و ئەمەش دەبێتە دیاریکردنی زمان و شێواز و جۆری زمانەکە لەگەڵ ئەوەشدا

واتای دەروونییان پێدەدات، کە ئەم بابەتانەش لە زمانەوانیی دەروونیدا شیکردنەوە و لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، چونکە هەر یەك لەم دەربڕینە زمانییانەدا باری دەروونی جیاجیا لەخۆدەگرێت.

**٢ـ٢ـ ڕۆڵی زمانەوانیی دەروونی لە کۆمەڵی زمانیدا:**

دیاریکردن و ئاشکراکردنی بیر و زمانی تاکەکەس، دەبێتە هۆی ئەوەی بزانرێت، کە ئەو تاکە سەر بە چ کۆمەڵێکی زمانییە، ئایا کەسە ئاخێوەرەکە لە کۆمەڵی زمانی کوردییە، یان لە کۆمەڵی زمانی عەرەبییە، یان کۆمەڵی زمانی ئینگلیزی... هتد، ئەمەش ڕوویەکی تری پەیوەندیی کۆزمانەوانی و زمانەوانیی دەروونییە. بەم پێیە (لە پەیوەندییەکی تردا زمانەوانیی دەروونی لێکۆڵینەوە لە کاریگەری هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە بەکارهێنانی زماندا دەکات) (الخطیب، ٢٠٠٦، ٦٦). واتە؛ لە ئەنجامی بەکارهێنانی زماندا، هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبنە جێگەی بایەخی زمانەوانیی دەروونی، چونکە لە لایەك دەزانرێت، ئاخێوەرەکە سەر بە چ کۆمەڵەیەکی زمانییە، لە لایەکی تریشەوە دەزانرێت، لە چ بارودۆخێکی دەروونیدایە، ئەمەش وا دەکات بە هۆی ئەم هۆکارانەوە پەیوەندی لە نێوان کۆزمانەوانی و زمانەوانیی دەروونی دروستببێت، سەرەڕای ئەوەی، ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان کۆزمانەوانی و زمانەوانیی دەرونییدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو زانستە جیاوازییان لە نێواندا هەیە، کە بەم شێوەیەیە (ئەوەی زمانەوانیی دەروونی لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا جیادەکاتەوە، لە لایەك کاتێك سەرنج لەسەر پێوانە و قەبارەی کۆمەڵایەتی لە زمان و شێوازگەری دەدات، لە لایەکی تریشەوە کاتێك زمان ئەرکی دەربڕین ئەنجامدەدات)(Geoffrey, 2003, 214). هەربۆیە ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوون زمانەوانیی دەروونی لە کۆزمانەوانی جیادەکاتەوە، خاڵێکیان بریتییە لە شێواز و

ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتییەی لە زماندا هەیە و خاڵەکەی تریان بریتییە لە کاتی ئاخاوتن و دەربڕینە زمانییەکان، کە ئەمانەش پەیوەستن بە زمانەوانیی دەروونی.

**٢_٣_ ڕۆڵی زمانەوانیی دەروونی لە لای تاکەکەسدا:**

تاکەکەس لە زمانەوانیی دەروونیدا جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، چونکە (زمانەوانیی دەروونی بابەتەکەی لە پەیوەندیی نێوان زمان و تاکەکەس کۆدەکاتەوە، کە مامەڵە لەگەڵ گشت قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ (منداڵی، گەنجی، پیری) و جیاوازییە زمانییەکان لە نێوان پیاو و ئافرەتدا دەکات) (علوي و العناتي، ٢٠٠٩، ١١١). بەم شێوەیە بایەخدان بە پەیوەندیی نێوان زمان و تاکەکەس لە لای زمانەوانیی دەروونی پێگەیەکی سەرەکی هەیە، چونکە تاکەکەس لە لای ئەو سەرجەم قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ دەگرێتەوە لە لایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەو جیاوازییە زمانییانەش، کە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە، دەگرێتەوە، واتە؛ زمانەوانیی دەروونی، زمانی تاکەکەس، وەکو نموونەیەك لە جیاوازیی تەمەن و جیاوازیی ڕەگەز وەردەگرێت، ئەمەش وا دەکات، کە نزیکایەتی و پەیوەندییەك لە نێوان کۆزمانەوانی و زمانەوانیی دەروونی دروستببێت، چونکە هەر کۆمەڵێکی زمانی، بۆ نموونە کۆمەڵی زمانی کوردی لە ژمارەیەك تاکەکەسی تەمەن جیاواز و ڕەگەز جیاواز پێکهاتووە، ئینجا ئەگەر ژمارەیەك تاکی هاوتەمەن، چ لە ڕەگەزی مێ، یاخود نێر بە نموونە لەم کۆمەڵە زمانییە وەرگرین، دەبینین، ئەم تاکانە، ئەگەرچی هاوتەمەنیشن، بەڵام لە کاتی دەربڕینە زمانییەکاندا، کەرستە زمانییەکان و دۆخی دەروونییان بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە یەکترییەوە جیاوازە.

لەهەمان کاتیشدا (زمانەوانیی دەروونی هەوڵدەدات پەیوەندیی نێوان بیری مرۆڤ و زمانەکەی بدۆزێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە کاتی شیکردنەوەکانیدا زمانی تاك وەردەگرێت، گشت بیر و بۆچوونەکانی ئەو تاکە و ڕەفتارەکانی،

وەکو نوێنەری کۆمەڵی زمانی سەیر دەکات) (مەحموود، ٢٠١٢، ٣٦). واتە؛ زمانەوانیی دەروونی بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی بیری مرۆڤ و ئەو زمانەی، کە ڕۆژانە ئاخاوتنی پێدەکات، زمانی تاك وەردەگرێت، لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت، بزانرێت، کە ئەو تاکە، وەکو ئاخێوەرێك چەمکی ئەو بیرەی لە مێشکیدایە چییە و لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانیدا زمانەکەی چییە و سەر بە چ کۆمەڵێکی زمانییە، بەم ڕێگەیەشەوە دەتوانرێت، هزر و دابونەریتی تاك و کۆمەڵی زمانی و چەند لایەنێکی تری ئەم تاکە و کۆمەڵە زمانییە بناسێندرێت، چونکە هەر تاکێك لە هەر تەمەن و ڕەگەزێکدا بێت، لە هەر کۆمەڵە زمانێکیشدابێت، دەربڕینە زمانییەکانی و بارە دەروونییەکەی بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە یەکتر جیاوازن.

لەم ڕوانگەیەوە ((شتاینتاڵ، لەو باوەڕەدایە، کە زمانی تاکەکەس ڕەنگدانەوەی بیری تاکە کەسە و زمانی کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی هەستی کۆمەڵە و واتای وشە سنووردار نییە، چونکە بەستراوەتەوە بە باری دەروونی و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ، هەر بۆیەش واتای وشە ناگاتە ڕاستی تاکو لە لایەن کەسێکەوە گۆنەکرێ)) (دزەیی،٢٠١٤، ٣٥). واتە؛ ئاخێوەر لە کاتی قسەکردندا لە بارێکی دەروونیدایە، هەربۆیە لە کاتی دەربڕینە زمانییەکاندا وشە و فرەیز و ڕستەکان، بارە دەروونییەکە لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و دەیهێننە دەرەوە. بەم جۆرە زمانەوانیی ئەمریکی ساپیر ئاماژە بەوە دەکات، کە ((وشە بریتییە لە بیرۆچکەیەکی سادە یان چەند بیرۆچکەیەك کە وا بە ڕادەیەك تێکچرژاون، کە یەکەیەك یان دانەیەکی دەروونی پێکدەهێنن)) (محمد، ٢٠١٩، ٧٥). بۆ نموونە: ئاخێوەر کاتێك دەربڕینی زمانی (دەبوو، دەبوایە...هتد) بەکاردەهێنێت، هەبوونی بارێکی پاڵەپەستۆ و فشاری دەروونی لەسەر ئاخێوەر دەردەخەن، یاخود وشەی (فرۆشیار) واتا و بارێکی دەروونی لەخۆگرتووە، بە واتای ئەو

کەسەی، کە شتێك دەفرۆشێت. بەم جۆرە دەتوانرێت، لەڕێگەی لێکدانەوەی دەربڕینە زمانییەکانەوە باری دەروونیی ئاخێوەر شیبکرێتەوە و بزانرێت. بۆ نموونە:

_ قوربانت بم باوکە، بۆ وا زوو جێتهێشتین. (ناخۆشی)

لەم دەربڕینە زمانییەدا دەزانرێت و دەردەکەوێت، کە ئاخێوەر لە ڕەگەزی مێیە، چونکە بەکارهێنانی دەربڕین زمانی (قوربانت بم باوکە) لە زمانی کوردیدا تایبەتە بە ئافرەت، واتە؛ لێرەدا دەردەکەوێت، ئەم تاکە لە کۆمەڵی زمانی کوردییە و لە ڕەگەزی مێیە، لە هەمان کاتیشدا ئەوە بە دیاردەکەوێت، کە ئاخێوەر لە بارێکی دەروونی غەم و پەژارە و ناخۆشیدایە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی (زوو جێتهێشتین)، کە واتای کۆچی دواییکردن دەگەیەنێت، ئەم دۆخەش ڕاستەوخۆ بارگاوی دەبێت بە بارێکی دەروونیی ناخۆش و پیشاندانی غەم و پەژارە.

_ ئێوارەی ئەمڕۆ ژنم مارەکرد.

لەم دەربڕینە زمانییەشدا دەزانرێت، کە ئاخێوەر لە ڕەگەزی نێرە، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا کوڕ دەچێتە داخوازی کچ و مارەی دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئاخێوەر لە بارێکی دەروونیی خۆشدایە، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (ژنم مارەکرد)، کە کەرستە زمانییەکانی تریشی خستۆتە خزمەت و ژێر دەستەڵاتی خۆی و ڕستەکە بە گشتی هەستێکی خۆش دەردەبڕێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە باری دەروونیی ئاخێوەر لە هەستێکی خۆشدایە.

**٢_٤_ دەربڕینە زمانییەکان:**

ڕستە ئەو دەربڕینە زمانییەیە، وەك یەکەیەکی واتایی، مرۆڤ هەست و هزری خۆی پێ دەردەبڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش مرۆڤ خاوەنی توانستێکی

بەهێزە. هەربۆیە وشە و فرەیز و کەرستەکانی تر ڕستە پێکدەهێنن، کاتێك مرۆڤ دەیەوێت، دەربڕینە زمانییەکان بە شێوەی قسە دەرببڕێت، یاخود بە شێوەی نووسین بیاننووسێت، ئاوێتەی هەست و سۆز دەبن و بارگاوی دەبن بە باری دەروونییەوە، ئینجا دەردەبڕێن و ئەم دۆخە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. بەم جۆرە ((فۆنت پێی وا بوو ڕستە، نەك وشە، یەکەی سەرەکی زمانە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بڵێت بەرهەمهێنانی ڕستە بریتییە لە گواستنەوەی هاوکاتی کردەی بیر)) (واحد و رەسوول،٢٠١٣، ١٢٢). واتە؛ مرۆڤ دەربڕینە زمانییەکانی، بەهۆی ڕستەوە دەردەبڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش وشەکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە بە ڕادەی پێویست هەڵدەبژێرێت.

هەربۆیە (ئەو توانستەی، کە ئاخێوەر و گوێگر لە بەرهەمهێنانی زمان و تێگەیشتنیدا هەیانە، لەو ڕێگەیەوەی، کە خاوەنی کۆمەڵێك ئامادەکاری و تایبەتمەندی و یاسای ڕێزمانییە، کە لە توانایاندایە ژمارەیەکی بێ کۆتا ڕستە بەرهەمبهێنن، کە ئەوە بنەمای سەرەکی تیۆری بەرهەمهێنانی چۆمسکییە) (کعواش، ٢٠٢١، ٤٥٦). کەواتە؛ ئەو ڕستانەی، کە ئاخێوەر دەریاندەبڕێت، تەنها پێکنەهاتوون لە فۆڕمی زمانی، بەڵکو هەڵگری واتا و باری دەروونی ئاخێوەرەکەشە. لەم ڕوانگەوە (هەڵبژاردنی دەربڕینە زمانییەکان لە لای مرۆڤ لە ژێر کاریگەری دەروونیدایە و تێکەڵ بە هەست و سۆز دەبێت) (واحد و رەسوول،٢٠١٣، ١٢٢). هەربۆیە هەستی مرۆڤ ئاوێتەی دەربڕینە زمانییەکان دەبێت و پەیوەندی لە نێو خۆیاندا دروستدەکەن، بۆ ئەم مەبەستە ڤندریس لە شیکردنەوەی باری دەروونیدا ئاماژە بەوە دەکات، (کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دەربڕینە زمانییەکان و باری دەروونیدا هەیە) ( کعواش، ٢٠٢١، ٤٥٣). واتە؛ هەموو دەربڕینە زمانییەکان دۆخێکی دەروونی لەخۆدەگرێت و ئاخێوەر لە کاتی ئاخاوتندا فۆڕمەکانی زمان و هەست و سۆزی خۆی یەکدەخات و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، ئینجا دەریاندەبڕێت. بۆ نموونە:

_ خانووەکەم فرۆشت و قازانجێکی باشم کرد. (خۆشی و دڵشادی)

ئەم ڕستەیە سەرەڕای ئەوەی ڕستەیەکی لێکدراوی هەواڵگەیاندنە، کە تیایدا ئاخێوەر هەندێ زانیاری بە بەرانبەرەکەی داوە، بەڵام بە هۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی (قازانجێکی باش) لە ڕستەکەدا، هەستێکی خۆشی تیادایە، کە بە هۆی ئەوەی بە فرۆشتنی خانووەکەی قازانجی کردووە، بەم شێوەیە باری دەروونیی ئاخێوەر لە دۆخێکی دڵخۆشدایە. یاخود لە ڕستەیەکی وەکو:

_ خانووەکەم فرۆشت و زەرەرێکی زۆرم کرد. (ناخۆشی و غەمخواردن)

ئەم ڕستەیەش ڕستەیەکی لێکدراوی هەواڵگەیاندنە، بەڵام بە هۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی (زەرەرێکی زۆر) لە ڕستەکەدا، هەستێکی ناخۆشی و غەمخواردنی تیادایە، کە بەهۆی فرۆشتنی خانووەکەی زەرەری کردووە، بەم شێوەیە باری دەروونیی ئاخێوەر لە دۆخێکی ناخۆشدایە. هەروەها لە ڕستەیەکی تری وەکو:

_ کەس ئەو خانووە نەکڕێت، نەوەك دەبێتە دوژمندار. (ئاگادارکردنەوە و هەڵچوون و هەڕەشەکردن)

لەم ڕستەیەشدا بەکارهێنانی ڕستەی (کەس ئەم خاووە نەکڕێت)، ئاخێوەر پەیامێکی ئاگادارکردنەوەی بە شێوەی هەڵچوون و تووڕەبوونەوە ئاڕاستەی کەسی کڕیار کردووە، کە نەکەن ئەم خانووە بکڕن، دواتر هەر لە ناو ڕستەکەدا وەڵامەکەشی بە شێوەی هەڕەشەئامێز ئاڕاستەی کڕیارەکە کردووە، بەم شێوەیە (نەوەك دەبێتە دوژمندار)، لێرەدا دۆخی دەروونیی ئاخێوەر لە شێوەی شپرزەیی و هەڵچووندایە، کە هەڵچوونەکەی گەیشتۆتە لوتکە و هەڕەشەدەکات. یاخود بۆ نموونە:

_ کەریمۆك لە ڕووسیا دەخوێنێت. (ڕق و کینە)

ئەم ڕستەیە سەرەڕای ئەوەی ڕستەیەکی هەواڵییە، کە ئاخێوەر لە ڕێگەی ئەم دەربڕینە زمانییانەدا زانیاری و هەواڵێکی بە کەسانی تر گەیاندووە، بەڵام لە شیکردنەوەی ئەم دەربڕینە زمانییانە دەردەکەوێت، کە ئەم دەربڕینە زمانییانە بارگاوین بە باری دەروونیی ئاخێوەر، کە تیایدا ڕق و کینە و ڕێز نەگرتن بەرانبەر بە کەسەکە دەردەبڕێت، کە ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (کەریمۆك) دەردەکەوێت، یاخود لە نموونەی:

_ کەریمۆڤ لە ڕووسیا دەخوێنێت. (ڕێز و خۆشەویستی)

ئەم ڕستەیەش، ڕستەیەکی هەواڵییە، بەڵام لێرەدا ئاخێوەر لە بارێکی دەروونیی تردایە، ئەویش لە ڕێگەی ئەم دەربڕینە زمانییانەوە، بە بەکارهێنانی وشەی (کەریمۆڤ) و خستنەسەری پاشگری ڕووسی (_ ۆڤ) بۆ سەر ناوی (کەریم)، باری دەروونیی ئاخێوەری دەرخستووە، کە پیشاندانی پێگە و ڕێز و خۆشەویستییە، دواتر هەموو دەربڕینە زمانییەکان یەك بەدوای یەکدی و بەیەکەوە ئەرکەکەی خۆیان تەواودەکەن.

**٢_٥_ باری دەروونیی ئاخێوەر:**

پەیوەندیی دەروونناسی لەگەڵ زمانەوانیدا لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانەوە دەنوێنرێت، بەم جۆرە ((زمان ئەرکی گەیاندن و پتەوکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەبینێ لە پاڵ ئەمەشدا بە ئەرکێکی گرنگ هەڵدەسی ئەویش، دەربڕینی هەست و سۆز و گەیاندنی بیرە لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر)) (دزەیی،٢٠١٤، ٣٥). بەم شێوەیە دەتوانرێت، لە ڕێگەی ئەم دەربڕینە زمانییانە باری دەروونیی ئاخێوەر هەڵبسەنگێندرێت و لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ بکرێت. هەربۆیە ((کاتێك مرۆڤ بیرەکانی دەردەبڕێت لە بارودۆخێکی دەروونیی تایبەتدایە، جا ئەم بارە شێوەیەکی ئەرێنی یاخود نەرێنی لەسەر دەربڕینەکان بەجێ دێڵێ، کە زیاتر پەیوەستە بە هەست و نەستی قسەکەر))

(واحد و ڕەسوول، ٢٠١٣، ١١٩). بۆ نموونە:

_ نازانم، ئەمساڵ لە پۆلەكەم دەردەچم، یان نا. (دڵەڕاوكێ)

هەستی ئاخێوەر لەو دەربڕینە زمانییەدا لە دۆخێكی ڕاڕایی و پەشێویدایە، كاتێك شیكردنەوە و لێكدانەوە بۆ ئەم دەربڕینە زمانییە دەكرێت، دەتواندرێت وا شیبكرێتەوە، كە كەسەكە قوتابییە لە قۆناغێك لە قۆناغەكانی خوێندن، بە هۆی بەكارهێنانی دەربڕینی زمانی (پۆلەكەم) و لە بارێكی دەروونیی دڵەڕاوكێدایە بە هۆی بەكارهێنانی دەربڕینە زمانییەكانی (نازانم، دەردەچم، یان نا)، بەم شێوەیە ئەم دەربڕینە زمانییانە، ترس و گومانی لە دەروونی ئاخێوەر دروستكردووە، كە نازانێت لە خوێندنی ئەمساڵیدا دەردەچێت، یان دەرناچێت.

لە لایەكی ترەوە (زمانەوانیی دەروونی شێوەی دەربڕینە زمانییەكان لە كاتی هەڵچوونی ئاخێوەر شیدەكاتەوە، چونكە لەم كاتەدا زۆربەی دەربڕینە زمانییەكان بە واتای دەروونی بارگاوی دەبن) (كعواش، ٢٠٢١، ٤٥٨). واتە؛ ئاخێوەر قسەكانی ((بەپێی تووڕەیی و شەرم و ڕەگەز و پێگەی كۆمەڵایەتی و ... دەگۆڕێ)) ( واحد و ڕەسوول،٢٠١٣، ١٣٦). بەم شێوەیە دەربڕینە زمانییەكان هەڵگری واتای دەروونی و كەسین، دۆخی جیاوازیی، وەكو خۆشی، ناخۆشی، ترس، دڵەڕاوكێ، بەرگریكردن و ڕەتكردنەوەی تۆمەت... هتد، لەخۆدەگرن، هەربۆیە تاكو مرۆڤ قسە نەكات، ئەستەمە بزاندرێت، ئەم كەسە كێیە و لە چ بارودۆخێكی دەروونیدایە، بەم پێیە لە كاتی قسەكردن و لێكدانەوەی دەربڕینە زمانییەكان دەتوانرێت، شیكردنەوە بۆ دۆخی دەروونیی كەسەكە بكرێت، بۆ نموونە:

_ كوڕە، وەرە، نەوەك بتگرم، زۆرت لێدەدەم. (تووڕەبوون و هەڕەشەكردن)

لەم ڕستەیەدا، كە ڕستەیەكی بانگكردنە، تیایدا ئاخێوەر لە ڕێگەی بەكارهێنانی دەربڕینی زمانی (كوڕە)، بانگی كەسەكە دەكات و

ئاگاداریدەکاتەوە، کە بچێتە لای، ئەگەرنا تووشی لێدان دەبێت، لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت، هەست و دەروونی ئاخێوەر لە دۆخێکی توورەبوون و هەرەشەئامێزدایە. یاخود بۆ نموونە:

_ ئەمڕۆ نەشتەرگەرییەکی دەگمەنم بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا. (بڕوابوون بە خود)

لەم ڕستەیەشدا، ئاخێوەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (نەشتەرگەرییەکی دەگمەنم) دەزانرێت، کە ئاخێوەر پزیشکە و تەواوکردنی ڕستەکە بە دەربڕینی زمانی (بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا) وا دەردەکەوێت، کە ئاخێوەر دڵخۆش و ئاسوودەیە و بڕوایەکی تەواوی بە خودی خۆی هەیە، دەربڕینە زمانییەکانی تریش، وەکو (ئەمڕۆ، ئەنجامدا) تەواوکەری دۆخی دەروونی و واتای ڕستەکەن. یاخود بۆ نموونە:

_ ئەمساڵ لە پۆلەکەمدا یەکەم دەبم. (بڕوابوون بە خود)

بە هەمان شێوەش لەم ڕستەیەدا، ئاخێوەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (لە پۆلەکەمدا) دەردەکەوێت، کە قوتابییە و بڕوایەکی تەواوی بە خۆی هەیە، بە تایبەتی کاتێك دەربڕینی زمانی (یەکەم دەبم) بەکاردەهێنێت، لەوەوە دەردەکەوێت، کە هەست و سۆز و دەروونی ئاخێوەر لە دۆخێکی بەهێز و ئاسوودە و پڕ متمانە و بڕوابوون بە خودی خۆیدایە. یاخود بۆ نموونە:

_ نەخێر، من نەمدزیوە. (بەرگریکردن و ڕەتکردنەوەی تۆمەت)

لەم ڕستەیەدا، ئاخێوەر بە هۆی بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (نەخێر) بەرگری لە خۆی دەکات، ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی بە هۆی تەواوکردنی ڕستەکە و بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (من نەمدزیوە) ڕەتدەکاتەوە، بەو هۆیەوە ئاخێوەر لە دۆخێکی دەروونی ئاسوودەدایە، چونکە بەرگری لە خۆی دەکات و کارەکەی ئەنجام نەداوە. یاخود بۆ نموونە:

_ دایکە، ئەمساڵ لە پۆلەکەمدا بە یەکەم دەرچووم. (خۆشی)

دیسان لەم ڕستەیەدا، کە ڕستەیەکی بانگکردنە ئاخێوەر بە هۆی بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (دایکە) بانگی دایکی دەکات، کە کەسێکی خۆشەویستە لای ئاخێوەر و دەیەوێت، خۆشیی دەروونی خۆی لە ڕێگەی دەربڕینی زمانی (بە یەکەم دەرچووم) بۆی دەربڕێت، کە ئەمساڵ لە پۆلەکەیدا بە یەکەم دەرچووە و بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (لە پۆلەکەمدا) ئاماژەیە، کە ئاخێوەر قوتابییە، بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە ئاخێوەر لە هەستێکی دەروونیی خۆشدایە. یاخود بۆ نموونە:

_ خانووەکەم چۆن سووتا؟ (ناخۆشی)

ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی پرسیارییە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەستێکی ناخۆشی لەخۆگرتووە، چونکە لێرەدا هەر یەکە لە دەربڕینە زمانییەکانی (خانووەکەم)، (چۆن)، (سووتا) یەکتر تەواودەکەن، ئاخێوەر بە هۆی بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (خانووەکەم) ئەوە پیشاندەدات، کە خاوەنی خانووەکە خۆیەتی، بەڵام دواتر بە هۆی بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (چۆن) پرسیارێك لای دروستدەبێت، کە خودی خۆی نایزانێت، دەیەوێت، بیزانێت، کە چۆن سووتاوە، پاشان بە هۆی بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (سووتا) هەستە دەروونییە ناخۆشەکە پیشاندەداتن، کە لە بارێکی دەروونی ناخۆشدایە، کە بۆچی خانووەکەی سووتاوە. یاخود بۆ نموونە:

_ ئەمشەو گورگ بیست و چوار سەر مەڕ و بزنی لێ مردارکردم. (ناخۆشی)

ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی هەواڵگەیاندنە و ئاخێوەر بە هۆی بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (مەڕ و بزن) دەریخستووە، کە کەسێکی شوانە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ئەگەر لە ناوەڕۆکی ڕستەکە وردببینەوە، ئاماژە بە واتایەکی دەروونی

ناخۆش دەکات، چونکە بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکانی (گورگ)، کە ئاماژەیە بۆ گیانداریکی گۆشتخۆر و (بیست و چوار سەر مەڕ و بزنی)، (لێ مرداركردم) هەریەکەیان بە دوای یەکتری ڕستەکە تەواودەکەن، مرداركردنی بیست و چوار سەر مەڕ و بزن لە لایەن گورگەوە بۆ شوانە دەبێتە هۆی پیشاندانی غەمگینی و هەست و دەروونێکی ناخۆش. یاخود بۆ نموونە:

_ سبەی نەشتەرگەریم بۆ دەکرێت. (ترس)

لەم ڕستەیەدا، کە ڕستەیەکی هەواڵگەیاندنە، ئاخێوەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەربڕینی زمانی (نەشتەرگەریم) ئەوە دەردەخات، کە کەسێکی نەخۆشە، پاشان بە بەکارهێنان و تەواوکردنی دەربڕینە زمانییەکانی تری، وەکو (سبەی)، (بۆ دەکرێت) ترسێك لە دەروونی نیشتووە، چونکە سبەی کاتێکی نزیکە و ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکەش خۆی بە ترسە، لەبەر ئەوە هەست و دەروونی ئاخێوەر لە دۆخێکی ترسدایە. بەم شێوەیە هەموو تاکێك لە هەر کۆمەڵێکی زمانیدا بێت، ڕۆڵی ئاخێوەر دەبینێت، ئەو دەربڕینە زمانییانەی لە کاتی ئاخاوتندا دەریاندەبڕێت، سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵێك فۆڕمی زمانی پێکهاتوون و هەڵگری واتان، لە هەمان کاتیشدا هەست و سۆز و بارێکی دەروونی لەخۆدەگرن، کە دەکرێت لەم ڕێگەیەوە دۆخی دەروونیی ئاخێوەر شیبکریتەوە کە لە چ دۆخێکی دەروونیدایە.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانە گەیشتین:

١_ لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەربڕینە زمانییەکانەوە، دەتوانرێت، باری دەروونیی ئاخێوەر، هزری، پێگەی، دابونەریتی و کۆمەڵی زمانی بزاندرێت.

٢_ ئاخێوەران بە هۆی جیاوازیی ژیان و توانایان لە ئاخاوتندا باری دەروونییان هاوتەریب و وەکو یەك نییە، واتە؛ هەر یەکەیان لە بارێکی دەروونیی جیاوازدان، هەر بۆیە دەربڕینە زمانییەکانیشیان لەگەڵ یەکتردا جیاوازە.

٣_ دەربڕینە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا ڕەنگدانەوەی دۆخێکی دەروونین و بە باری دەروونیی ئاخێوەرەوە بارگاوی کراون، هەربۆیە هەر ئاخێوەرێك باری دەروونی لە دەربڕینە زمانییەکاندا بە شێوەی جیاواز ڕەنگدەداتەوە.

٤_ باری دەروونی تاکە ئاخێوەرێکیش سات بە سات لە گۆڕاندایە، بە هۆی ئەو بار و دۆخەی تیایدا دەژیت، واتە؛ لە کاتێك بۆ کاتێکی تر و لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، بەم شێوەیە دەربڕینە زمانییەکانیشی شێوازی جیاواز وەردەگرێت.

٥_ دەربڕینە زمانییەکانی ئاخێوەر شێوە و ڕێژەی بارگەی دەروونیی ئاخێوەر پیشاندەدەن، لە کاتی خۆشی، ناخۆشی، هەڵچوون، تووڕەبوون، ڕێز و خۆشەویستی... هتد، ئەمەش وا دەکات، لە کاتی شیکردنەوەی ئەم دەربڕینە زمانییانەدا باری دەروونیی ئاخێوەر بەم شێوە و ڕێژەیە بەدیاربکەوێت.

٦_ لە ناو دەربڕینە زمانییەکاندا، ئەگەر تاکە وشەیەکیش ڕەنگدانەوەی باری دەروونی بێت، ئەوە گشت دەربڕینە زمانییەکان یەك بەدوای یەکدی و بەیەکەوە ئەرك و واتای خۆیان تەواودەکەن و باری دەروونیی ئاخێوەر دەردەخەن.

## پەراوێزەکان

١_ زانستی دەروونیی زمانەوانی بەو وەسفەی لقێکە لە لقەکانی زانستی دەروونی، لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی پەیوەندییەکانی بە زمانەوانییەوە دەکات بە وەسفکردنی ئەو میکانیزمانەی، کە ئاوەزی مرۆڤ بۆ بەرهەمی گۆکراو و چەمکەکانیان بەرهەمی دەهێنێت (بریور، ٢٠٠٧، ٨٨).

٢_ بڕوانە (واحد و رەسوول،٢٠١٣، ١١٦)،( ڕەسول، ٢٠١٥، ٨٧).

## سەرچاوەکان


**یەکەم- سەرچاوە بە زمانی کوردی:**

١_ دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠٢١)، خوێندنەوەی دەروونی دەق، چاپی یەکەم، AWER، هەولێر.

٢_ دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، زمانەوانیی دەروونی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارە ( ١٧٩ )، هەولێر.

٣_ ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن (د.) (٢٠١٥)، دەروزمانی، گۆڤاری زماناسی، ژمارە (١٧)، گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بواری زمان.

٤_ علی، طالب حسین (١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.

٥_ عەلی، شێرزاد سەبری و عەبدوڵلا، عەبدولسەلام نەجمەدین (٢٠١١)، زمانڤانیا کارەکی، چاپا ئێکی، چاپخانەیا خانی، دهۆك.

٦_ محمد، حاتم ولیا (د.) (٢٠١٩)، مۆرفۆلۆجی، چاپی یەکەم.

٧_ مەحموود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ئاریا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٨_ واحد، رزگار و رەسوول، بابا رەسوول نوری (٢٠١٣)، تێگەیشتنی دەربڕینە زمانییەکان لە ڕوانگەی زمانەوانی دەروونییەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**دووەم- سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

٩_ اسماعيلي، حافظ و العناتي، وليد احمد (٢٠٠٩)، اسئلة اللغة أسئلة اللسانيات، الطبعة

الاولى، دار الامان ( الرباط)، منشورات الاختلاف ( الجزائر)، الدار العربية للناشرون (بيروت-لبنان).
١٠_ بشر، كمال (٢٠٠٥) التفكير اللغوي بين القديم والجديد، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
١١_ بريور، ماري نوال غاري (٢٠٠٨)، المصطلحات المفاتيح في اللسانيات، ترجمة: عبدالقادر فهيم الشيباني، الطبعة الاولى، سيد بلعباس، الجزائر.
١٢_ حجازي، محمود فهمي (١٩٧٣)، علم اللغة العربية، مدخل تاريخي مقارن في ضوء التراث واللغات السامية الناشر وكالة المطبوعات، الكويت.
١٣_ الخطيب، أحمد شفيق (٢٠٠٦)، قراءات في علم اللغة، الطبعة الاولى، دار النشر للجامعات، مصر.
١٤_ العصيلي، عبدالعزيز بن ابراهيم (٢٠٠٦)، علم اللغة النفسي، الطبعة الاولى، فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية اثناء النشر، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، وزارة التعليم العالي، المملكة العربية السعودية.
١٥_ كعواش، عزيز (د.) (٢٠٢١)، سيكولوجية اللغة واللسانيات المعاصرة، دراسة في مبادىء البحث اللغوي النفسي، مجلة الباحث في العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد ١٣(٠٢) ٢٠٢١، الجزائر، جامعة قاصدي مرباح و رقلة.
١٦_ يوسف، جمعة سيد (د.) (١٩٩٠)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، مطابع السياسة، سلسلة الكتب الثقافية الشهرية، يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت.

**سێیەم: سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

17_ CRYSTAL, D., (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition, Blackwell publishing Ltd.

18_ GEOFFREY, FINCH. (2003), How to study linguistics, A guide to understanding Language, Second edition, Palgrave macmillan.

19_ MATTHEWS, P. H. (2011), Oxford, concise dictionary of linguistics, second edition, Oxford university press.

20_ MEYERHOFF, M. (2011) Introducing Sociolinguistics, second edition, Routledge Taylor and Francis group, London and new yourk.

21_ SMITH, N. (1999), Chomsky Ideas and Ideals First published, Cambridge University press, United Kingdom.

## الملخص

## تحليل الحالة النفسية للمتحدِث في علم اللغة النفسي

هذا البحث المعنون ينطلق من دراسة بنية علم اللغة النفسي، ويتخذ من المنهج الوصفي التحليلي أساساً لتحليل التعابير اللغوية وتأويلها.

تتقيد الدراسة بإطار اللهجة الوسطى للغة الكوردية، وتكمن أهميتها في إلقاء الضوء على الحالة النفسية لدى المتحدث باللغة الكوردية وهو يعبر عن غاياته من خلال الحديث اللغوي، إذ إن التعابير اللغوية لدى المتحدث مع كونها تحتوي على مجموعة من الأشكال اللغوية إلا أنها تكون مشحونة بالحالة النفسية للمتحدِث.

تشتمل خطة الدراسة على مقدمة وفصلين، وأهم النتائج التي توصلت إليها الدراسة، وذلك إلى جانب ثبت المصادر والمراجع التي اعتمدت عليها، يلقي الفصل الأول الضوء على بعض جوانب علم اللغة النفسي والتوجهات الموجودة فيها، كتعريف علم اللغة النفسي، وبدايات ظهورها، علم اللغة النفسي النموي، علم اللغة النفسي التجريبي، والموضوعات التي يدرسها هذا الفرع العلمي من علم اللغة، فضلاً عن الحديث عن مظاهر علم اللغة النفسي، الظاهرة النفسية والمعنى النفسي.

بينما يبحث الفصل الثاني في تحليل الحالة النفسية لدى المتحدثين بالتعبيرات اللغوية، ويقف عند الموضوعات الآتية: عملية تفعيل اللغة، الكفاءة والاداء عند تشومسكي، دور علم اللغة النفسي في المجتمع اللغوي، ودور علم اللغة النفسي لدى الأفراد، التعابير اللغوية، والحالة النفسية لدى المتحدِث.


الكلمات الدالة: علم اللغة النفسي، المتحدِث، تحليل، التعابير اللغوية، الحالة النفسية،

Abstract

## An analysis of the interlocutor's psychological conditions in psycholinguistics

This study, which is titled "An analysis of the interlocutor's psychological conditions in psycholinguistics", is a psycholinguistic study. It uses an analytical descriptive method to analyse the interlocutors' utterances and dialogue. The scope of the study is limited to Central Kurdish and its significance lies in analysing the psychological conditions or mental states of Kurdish interlocutors during speaking as speakers' utterances are loaded with and show different mental states or psychological conditions of the speaker besides the essential linguistic forms expressed and the functions performed based on certain linguistic norms. The study, in addition to the introduction, results, references, and an abstract in both Arabic and English, includes two sections:

The first section discusses the emergence of psycholinguistics, definitions of psycholinguistics, psycholinguistic behavior, development of psycholinguistics, psycholinguistics developmental, psycholinguistics experimental, speakers psychological aspects, psychological sense making as well as the psychological phenomenon.

The second section presents the analysis of the psychological aspects of interlocutors' linguistic expressions or utterances that includes such topics as how language works and functions, competence and performance by Chomsky, the role of psycholinguistics in the linguistic community and its impact on the individuals, linguistic utterances, and the mental state of interlocutors.

**Keywords**: psycholinguistics, interlocutor, analysis, linguistic utterances, psychological.